## چیرۆکی دوو عاشق لە کۆمەڵگەی دژە ئەوین

# لە باوەشی ئەوینەوە بۆ باوەشی مەرگ



زۆر جار خۆمان بە وشەی زەبەلاحی وەکو عەشقی نیشتیمان و خۆشەویستی وڵات و پاراستنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و شەرەفی خێزان و شەرەفی خاک و نیشتمان و ....هتد خەریک دەکەین، بەڵام کاتێک کە دەمامکەکان لەسەر وشە رەونەقدارەکان لادەچن، کارەساتگەلێک دەبینین و دەبیستین، واهەست دەکەین، لە راستیدا، لە کۆمەڵگەی ئێمە هەموو بەهاکانی دیکە وەلاوە نراون و تاقە بەها مابێ بیپارێزین کورتکردنەوەی شەرەفە لە جەستەی بێهێزی ژندا، ئەگەر نا بۆچی کوشتنی عاشقان لای ئێمە نەک هەر ئاسانە بگرە بووەتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی کە تەنانەت یاساش ناتوانێ رێگەی پێبگرێت......بەڵام یاسا دانەران و فەیلەسووفان دەڵێن: سەرەتا سیاسەت پەیدا بووە ئینجا هەر ئەو یاسای داناوەو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی پەیڕەوی کردووە، کەوابێ، کوشتنی عاشقان لە بەرژەوەندی کێدایە؟

ئەم چیرۆکەی باسی دەکەین لە یەکێک لە شارۆچکەکانی خۆماندا روویداوە، پاڵەوانەکانی، واتە قوربانییەکانی، ئەوەی کوژرا کەس لێی نەپێچاوەتەوەو ئەوانەی کە ماون، رۆژی سەد جار بەزیندوویی دەمرن، بۆ ئەوەی ئێمەش نەبینە هۆکارێکی دیکە بۆ چەوساندنەوەیان، نە ناوی شوێنەکەیان دەدرکێنین، نە ناوی راستەقینەی خۆیان، تەنیا بۆ ئەوەی قەساوەتی کۆمەڵگەو داب و نەریتە نامرۆییەکانییان دەرهەقدا تۆمار بکەین بڵاوی دەکەینەوە، بۆ دڵنیایی خوێنەرانیش ئێمە بەڵگەمان لەسەر هەموو رووداوەکە لایە.

## من بێوەژنم!!

(خەرمان ٢٧ساڵ) بەروویەکی خۆش و میهرەبان و چاوی فرمێسکاوییەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە:

تا شەشی سەرەتایی خوێندوومە،لە ساڵی ١٩٩٥، کە تەمەنم تەنیا ١٥ ساڵ بوو (ڕێبوار)م خۆشویست، ئەویش منی خۆشویست، بۆیە چەندین جار کەس و کاری نارد بۆ خوازبێنیم، بەڵام کەسوکاری من بە بێ هۆیەکی ئاشکرا قایل نەدەبوون، ناچار هەردوکمان پێکەوە ڕۆیشتین و بەرەو ئێران هەڵاتین، لەوێ مارەی کردم و زەواجمان کرد، ئینجا منداڵێکیشمان هەبوو، بەڵام هەمیشە لە ترسی ئەوەدابووین کەسوکاری من هەڕەشەی کوشتنیان کردبووین.

دوای سێ ساڵ ژیان لە ئێران هاتینەوە بۆ کوردستان، بەڵام لە ترسی کوشتن لە شارێکی دیکەی دوور لە شارەکەی خۆمان گیرساینەوە، (ڕێبوار) چەکداری یەکێک لە حیزبەکان بوو، پاشان کە دوو منداڵی دیکەمان بوو، مووچەکەی زۆر کەم بوو بەشی نەدەکردین بۆیە لە ٢٠٠٣ وازی لە چەکداری هێنا و بەرەو شارۆچکەیەکی دیکە بارمان کرد، لەوێ خانوویەکی چکۆڵەمان بەکرێ گرت و ئەو دەستی بە کاسبکاری کرد، ژیانمان پڕ لە خۆشەویستی و ئارامی بوو، زیانمان بۆ کەس نەبوو، تەنانەت خۆمان لە گرفت و ململانێی خەڵکیش دەپاراست تا ئەو نیوە شەوە، کاتژمێر دووی شەو بوو، ئەو دەم (ڕێبوار) لە باوەشی مندا نووستبوو، سێ چەکدار، لێمان وەژوورکەتن و بە تاریکی تەقەیان کرد، ڕێبوار بریندار بوو، پاشان سێ نارنجۆکیان فڕێ دایە ژوورەوە، دانەیەکیان کەوتە ژێر تەلەڤزیۆنەکەو دووانەکەی تریش لەژێر سینەی(ڕێبوار)ی بریندار گیرسانەوە، منیش نەمدەزانی بەو تاریکییە چیبکەم، بەڵام ئەمەیان بەس بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە لە ئەویندار و هاوسەری خۆم بێبەش بم.

من چەکدارەکانم نەدەناسی بەڵام دواتر باوکم هەڕەشەی بۆ ناردم کە ئەو بە کرێیانی گرتووە بۆ ئەوەی خۆم و هاوسەرەکەم و تەنانەت منداڵەکانیشمان بکوژێت.

خەرمان بێدەنگ بوو، بەڵام لەو کاتەدا فرمێسکەکانی دەدوان، گەورەترین دەنگی لە بێدەنگیدا هێنابووە ئاراوە، دوای ماوەیەک گوتی: من بە تاریکی لە ناو خوێنی ئازاری ڕێبواردابووم، تا دراوسێکان هاتن و بنکەی پۆلیسیان ئاگادار کردەوە، کەچی ئەوانیش ڕێبواری برینداریان تیمار نەکرد گوتیان هیچمان بۆی پێناکرێ و منیان بەرەو بنکەکەیان ڕاپێچ کرد، لەوێش پرسیاری ئەوەیان کرد ئایا ئێوە دوژمندارن، گوتم نەخێر ئێمە ئەویندارین!!

## درزێکی ڕووناکی بەخش

دوای گیان لەدەستدانی ڕێبوار، ماڵە باوکی پشت لە خەرمان ناکەن، دوای ئەوی پرسە بۆ کوڕەکەیان دادەنێن، خەرمان و هەرسێ منداڵەکەی دەبەنەوە لای خۆیان، بەڵام باوکی خەرمان وازیان لێ ناهێنێ و هەڕەشە دەکات، داوای کچەکەی بۆ کوشتن دەکات، باوکی ڕێبواریش دەیپارێزی و نایداتەوە بۆ کوشتن، بەڵام ئەو هەر واز ناهێنێ و خۆی دەبێت بە حاکم و جەللاد چەندین جار دووچاری گرفتیان دەکات و چەکدار دەنێرێتە سەریان تا وای لێدێت خەرمان ناچار دەبێت پەنا بۆ یەکێک لە بنکەکانی پاراستنی ژنانی لێقەوماو دەبات، لەوێش کوڕەکانی وەرناگرن و تەنیا خۆی و کچەکەی دەحەوێننەوە، لەوێندەریش باوەکەی وازی لێناهێنێ و بە ناچاری بۆ شوێنێکی دیکەی پاراستنی ژنان لە شارێکی دیکە دەینێرن و ساڵێک لەوێ دەبێت........لەو ماوەیە باوک و برای بۆ ماوەی ٩ مانگ دەستگیر دەکرێن تا دەڵێن ئێمە ئامادەین سولح بکەین ئەوە بوو، خەرمان چووەوە بۆ ماڵە خەزوورانی ، منداڵەکانی لە خانەی نەوجەوانان دانابوو بۆ خۆشی وەکو خزمەتگوزارێک لە قوتابخانەیەکدا دامەزرا.

## دیسان ژیانی چەرمەسەری

کە منداڵەکانم لە خانەی نەوجەوانان لەشارێکی دیکە بوون، منیش کارم دەکرد و دەمتوانی پێیان شاد ببمەوە، بیرم لەوە کردەوە کە خۆم بۆ ئەو شارە بگوازمەوەو لەوێ درێژە بە کار و ژیانم بدەم، ماڵی خەزوورم ڕازی بوون، تەنیا شووبرایەکم نەبێت ڕۆژێک هات و بە چەقۆ لێیدام لە ٨ شوێنەوە منی بریندار کرد تا بێهۆش بووم، دراوسێکان بردمیانە نەخۆشخانە و لەوێ تیمار و نەشتەرگەریان بۆ کردم.

ئێستا جگە لەم شوێنەی کەجێگەی ژیانمە شوێنی دیکەم نییە، دوو کوڕەکەشم هێشتا لێم دوورن..........

ژیانی خەرمان لە کوشتن پارێزراوە، بەڵام ڕۆژی سەد جار دوور لە ئەوین و منداڵەکانی دەمرێت.......تا عەقڵییەتی بەستنەوەی شەرەف بە جەستەی لاوازی ئافرەتەوە لەم کۆمەڵگایە بمێنێت، خەرمانی ئەم جۆرە چیرۆکانە بە بەرەکەت دەبێت......بۆ ئەوەی شەرمەزاریی کۆمەڵگایەک بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی تۆمار بکەین، هەفتانە ئەم جۆرە چیرۆکانە بڵاو دەکەینەوە.

